# بەلەمی کاغەزی




شیعر بۆ منداڵان

نوسینی : سەردار قادر

- ئەو کەسەی بە منداڵی ژیانی لا جوان بکرێت بە گەورەیی هەموو گەردون جوان دەبینێت
- ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە هەموو ئەو منداڵانەی بوون بە قوربانی سۆشیال میدیا.





# ووتەی شاعیر

ئەوساتەی من شیعر بۆئێوەی خونچە گوڵ، دەنوسم
هەست دەکەم هێشتا منداڵیم لەناخمدایە نایەوێ  گەورە ببێت
بڕێک جار هاوڕێی مەلۆتکەیەکی  شیرەخۆرەم . هەندێك جاریش هاوڕێی
ئەو منداڵەم کە تازە زمانی پڕاوە بۆیە بەردەوام لەگەڵ ئەم منـــــداڵەی
ناوناخمدا سەماو یاری دەکەم
لە کاتێدا دەبینم گشت باڵندەو ئاژەڵەکان بۆئێوەی خنجیلانە
دەتریقێنەوە چۆلەکە بەجریوە جریو و کەو بەقاسپە قاسپ وسمۆرە
بەیاری و پەپولە بەسەماوە وە دەتان خەنە گۆرانی ئیترئیلهامی
شیعریش دەبێتەئەرکی سەرشانم تابۆئێوەی گوڵ بنوسم
ئەوساتەی خەیاڵی شیعرێکی منداڵ دەمبا ،ئیدی من دەڕۆمە نێو
جیهانێکی ئەفسوناوی لە دەرەوەی  کات وشوێن  ، بەڵام لەهەمان
کاتدا زۆر نزیک وبەئاگام لەمنداڵەکەی ناوناخم . ئای چەند خۆشە
لێژبونەوە بەرەو ناو پانتایی ناو خەونەکانی منداڵی ئیدی سەدان
ڕەنگی ئەفسوناوی بەچاودەبینم کەبەلای منیشە وە جوانن وەك
نێرگزەجارێك من لەڕێگای ئەم ڕەنگانەوە جارێکی تر دەگەمەوە
بە منداڵی خۆم وئەوسا وەك جاران دەچمە سەر گردێکی بەرزو
خلیسکێنە دەکەم  بەهارانیش لەژێردارتویەکدا دەنك دەنك تووی
شیرین دەخۆم ،  شەوانیش بەدرەوشانەوەی ئەستێرەکان دڵخۆشم
جیهانی منداڵان تەژییە بەجوانی و پاکیی و بێگەردی و میهرەبانی
ڕۆژێك نییە یادی نەکەم . منداڵیی فەزایەکی پەنهان و بێپایان و
لێوان لێوە لە ئەفسون و تەلیسم کە سەرچاوەی ئیلهامی هەموو
داهێنانێکە.بەبۆچونی من





# بەلەمی کاغەزیی



ناوی بەرهەم: بەلەمی کاغەزیی

نوسینی: سەردار قادر

دیزاین: ئاڤار ئومێد

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانەی: نیل



باخەوان ..................... ٥
باوک ..................... ٦
بێچووە مینا ..................... ٧
بێچووە مەیمون ..................... ٨
بێستان ..................... ٩
بەفر ..................... ١٠
بەلەمی کاغەزیی ..................... ١١
بەهار ..................... ١٢
پەپوولە ..................... ١٣
پەڕەسێلکە ..................... ١٤
جوجەڵە زەردە ..................... ١٥
جیهانی خەیاڵ ..................... ١٦
جیهانی ئێمە ..................... ١٧
دایک ..................... ١٨
زمانی کوردی ..................... ١٩
ژیشک ..................... ٢٠
ژینگە ..................... ٢١
ساڵی نوێ ..................... ٢٢
شێرە بەفرینە ..................... ٢٣
کچ و کوڕ ..................... ٢٤
کوردستان ..................... ٢٥
گەشتێک بۆسەر مانگ ............... ٢٦
مناڵم ..................... ٢٧
میوان ..................... ٢٨
نەنە ..................... ٢٩

# باخەوان

شەوێک بە خەیاڵی خۆم
خۆم لێبوو بە باخەوان
گوڵ و نەمامم دەچاند
لە سەر خاکی کوردستان
باڵندە بە ئازادی
وا دەخوێنن لەسەرچڵ
گوێم لەدەنگی شالور بوو
گۆرانی دەوت بۆ گوڵ
ڕێک دەستمان کرد بە سەما
من و گوڵی دارهەنار
باخ و باخچەو پارکی شار
پڕ بوون لە گوڵ و گوڵزار
بۆ هەر لایەک دەمڕوانی
پڕ بوو لە شادومانی
نیشتمان سەوز پۆشبوو
منیش تێر تێر بۆم ڕوانی

٢٠٢٢/٤/٨



# باوک

باوک ناوی چرایە
تیشکی ئاڵ و واڵایە
خاوەنی وتەی جوانە
ئازایە پاڵەوانە
هەردەم بە ڕەنجی شانی
دڵخۆشە بە ژیانی
بێخەم بە بوون و نەبوون
کاردەکا بێ ماندوبوون
باوک بەرزو پیرۆزە
میهرەبان و بەسۆزە
وا گەڕایەوە بۆ ماڵ
هەر وەکو شنەی شەماڵ
خۆشمدەوێی بابە گیان
چراو ڕوناکیی ماڵمان

٢٠٢٢/١/٥



# بێچووە مینا

لەگەڵ ئەم بێچووە مینا
ئێستا پێکەوە هاوڕێین
ئای چەند خۆشە هەردوکمان
بەزمانی کوردی دەدوێین
بەیانیان پێش چۆلەکە
دەڵێ هەستە درەنگە
دەی خێرا خۆت بگۆڕە
بڕۆ بەرەو خوێندنگە
کە ناوی خۆم دەبیستم
لەسەر زمانی خۆشی
بە قاقا پێدەکەنم
هەست دەکەم بە دڵخۆشی
دیارە جوان گوێم لێدەگرێ
بۆیە زمان فێربووە
پەروەردەی دەستی منە
ئای چەند زیرەک دەرچووە

٢٠٢٠/١/٢٩



# بێچووە مەیمون




ئای لەو بێچوە مەیمونە
سەرنجی ڕاکێشاوم
دیمەنی هەڵسوکەوتی
زۆر جوانە لە بەرچاوم
چالاک و بزێو دیارە
بۆ هەموو لایەک دەچێ
هەرچی بدەیتە دەستی
نۆشی دەکا دەستبەجێ
لە دورەوە ڕاماوم
لە جوڵەی قاچ و دەستی
حەز دەکەم بڕۆم بۆ لای
تێکەڵ بم لەگەڵ هەستی
ئای خۆ لە پڕ هات بۆ لام
دیارە منی خۆشدەوێ
ئێستا لە ناو باوەشما
ڕێک خەوی لێدەکەوێ
ئۆخەی بۆ خۆت تێر بنوو
توک زەردی کلک زێڕین
هەستە دەستکەین بە سەما
گۆرانی بڵێین بۆژین
٢٠٢٢/٣/١٤

# بێستان

تەماشاکە ئەو بێستانە
هەر ماڵی خۆشی و سەیرانە
ئەها خەیاری گوڵ بە دەم
ناسک و ئاوداره هەردەم
ئۆخەی شوتی پێگەییوە
ئای چەند شیرینە ئەم میوە
بۆنیان دێ گندۆرە و کالیار
وەک گوڵی نەورۆزو بەهار
بڕوانە شەمامەی خاڵ خاڵ
هاوڕێ بچکۆلەکەی منداڵ
وا دەیکەم بە دیاری دەستم
بۆئێوەی زۆر خۆشەویستم
ئافەرین جوتیاری دڵپاک
خۆشەویستی ژیان و خاک

٢٠٢١/١/٢٦



# بــــەفر

من پەپولە بەفری زیویم
ئێستا هاوڕێی گوڵی کێویم
بە شێوە سپیم زۆر جوانم
من دیاری وەرزی زستانم
وادەبم بە ئاوی شیرین
سروشت دەخەمە پێکەنین
کانی و کارێز لەگەڵ ڕوبار
پڕ دەکەم لە ئاوی سازگار
من وەک باران تادەمێنم
سەر لە هەورەوە دەردێنم
لە ئاسمانەوە دێمە خوار
بۆ ئاوەدانی لادێ و شار

٢٠٢١/٢/١٢

# بەلەمی کاغەزیی

وادەست دەکەم بەگەڕان
بەبەلەمی کاغەزیی
شارو ماڵ بەجێدێڵم
لەگەڵ هەمووگۆی زەوی
دەڕۆم بۆناودەریاکان
دەبم بەهاوڕێی دۆلفین
پێکەوە لەگەڵ ماسی
بەئاسودەیی دەژین
من و شەپۆل پێکەوە
دەڕۆین بەرەو شوێنی دور
والەگەڵ ئەسپی ئاوی
گەشت دەکەین بەبێ سنور
هەرچەند بەلەمەکەی من
کاغەزێکی ساکارە
بەڵام شێوەی ڕەنگینە
بەسەرئاوەوە دیارە

٢٠٢٢/٤/١٠



# بەهار

ئۆخەی بەهار کەوتە ڕێ
وەرزی نەورۆزو سەیران
وا خۆیان ڕازاندەوە
گوڵ و باخچەو دارستان
هاتنەدەر لە هێلانە
پەڕەسێلکەو پاساری
تەماشاکە پەپولە
وا کەوتە سەماو یاری
ئای چەند خۆشە گوڵ چنین
لە ژێر بارانی بەهار
تاوێک لای خاڵخاڵۆکەو
جارێ لای کانی و ڕوبار
منیش بۆ ئەم بەهارە
بەرگی کوردی دەپۆشم
دەڕۆم بۆ جەژنی نەورۆز
وەک هاوڕێکەم دڵخۆشم

٢٠٢٢/٣/٣

# پەپولە

ڕۆژباش ئەی پەپولەی شەنگ
هاوڕێی سەلارو بێدەنگ
ئێ تۆزێ وچان بگرە
بەس ئەم چڵاو چڵ بفڕە
وەرە مەترسە هاوڕێ
بڕوابکە تۆم خۆشدەوێ
بە لەرەی باڵی نەخشین
من دەخەیتە پێکەنین
وەرە سەرپەنجەکانم
باتۆزێ لێت بڕوانم
ئۆخەی دڵی نەشکانم
نیشتەوە لەسەر شانم

٢٠٢١/١١/٢٤

# پەڕەسێلکە



وا هاتنەوە بۆماڵمان
دوو پەڕەسێلکەی بچوک
بۆ هێلانە تازەکە
قوڕ دەهێنن بە دەنوک
ئای چەند خۆش دەجروێنن
بەیانیان لەبەرهەیوان
پڕن لە موژدەی بەهار
لەگەڵ ئاوازی باران
بێ ئەوەی پێان بڵێم
بوون بە دراوسێی ماڵم
بەڕاستی خۆشمدەوێن
بە بینینتان خۆشحاڵم
بەخێربێن هاوڕێیانم
سڵاو لە ئێوەی میوان
وەرن با تێر یاری کەین
ئەوسا بفڕن بۆ ئاسمان

٢٠٢٢/٢/٢٢

# جوجەڵە زەردە

خل خل جوجەڵە چەند جوانە
وا هاتەدەر لە کولانە
چینە دەکات و دەگەڕێ
تا بەشی ئەمڕۆی دەست کەوێ
جارجار پێش دایکی دەکەوێ
حەزدەکا خۆی بە تەنیابێ
خلە خل جوجەڵەی زەرد باو
زۆر خۆت مەخەرە بەرهەتاو
ئێستا منیش وەک تۆ تەنیام
ئادەی تۆزێ وەرە بۆ لام
خل خل واهاتە باوەشم
جوجەڵە زەردەی چاوگەشم
ئینجا بڕۆ بۆ کولانە
ئێستا دایکت چاوەڕوانە

٢٠٢١/١٠/٢٧



# جیهانی خەیاڵ

جیهانی خەیاڵی من
پڕە لە ئەسپی دارین
خۆشی بە من دەبەخشن
سەرکەوتن و دابەزین
وا ئێستا بە غار دەڕۆم
بەرەوسەر لوتکەی چیا
دەست دەگرم بە هەورەوە
هاوڕێ دەبین لە ڕێگا
ئای لەم ئەسپە دارینە
چەند پشتی نەرم و نۆڵە
بە شێوە قنج و قیتە
خێرایە گورج و گۆڵە
کاتێ ئارەزوم لێبێ
سوار دەبم دەیبەم بۆ باخ
وا پێکەوە گەشت دەکەین
دەڕۆین بەرە و لوتکەی شاخ

٢٠٢٢/٤/٥



# جیهانی ئێمە

جیهانی ئێمە ی منداڵ
پڕە لە وێنەو خەیاڵ
گوڵی بەهاری جوانین
وەک ئەستێرەی ئاسمانین
وەکو ئاسۆی بەربەیان
پاک و بێگەردە ناخمان
خەونی ئێمە ئاشتییە
شادی و سەماو خۆشییە
حەزمان لێە وەک باڵدار
بێ خەم بین لەگوندو شار
بە هەستی پاک و خاوێن
سرود بۆ ئاشتی دەڵێین

٢٠٢١/١٢/١٦



# دایـــک

دایک سایەو سێبەرە
تاجە گوڵێنەی سەرە
تیشکی خۆرە هەتاوە
دایک جوانترین ناوە
خۆبەخشە خۆ نەویستە
خاوەنی هەست و نەستە
چرای گەشی ژیانە
مەزن و میهرەبانە
بۆنی باران و خاکە
دڵسۆزە دڵی پاکە
دایک قەڵاو قەڵغانە
هێمای بەرزی ژیانە

٢٠٢٠/٤/٨



# زمانی کوردی

چەند پیرۆزە مامۆستا
بەزمانی دایک دەدوێ
لەئەلفەوە هەتا یا
پیت بەپیتم خۆشدەوێ
ئێستا بەپیتی کوردی
وادەنوسم کوردوستان
هەمیشە ئاوەدان بێ
خاکی پاکی نیشتمان
گوێم پڕە لەئاوازی
بەستەی خۆش و گۆرانی
زۆرلام شیرین وخۆشە
زارەوەی بادینانی
هەنگوینی لێ دەبارێ
هەموو زاراوەکانی
پڕن لەمیلۆدی و سۆز
یەک بەیەک پیتەکانی

۲۰۲۱/۱۱/۱۷






# ژیـــــژک

له ناو کێڵگەی ئەو جوتیاره
بێچوه ژیژکێکم لێدیاره
دەی وەره خنجیلەی شەرمن
تۆ خۆت مەشارەوه له من
ئەها خۆی کرد به تۆپی پێ
وا دیاره له من دەترسێ
منیش وەک تۆ بێزیانم
هاوڕێی گشت ئاژەڵەکانم
دەی وەره ژیژکی  چاوگەشم
بۆخۆت بنوو لەباوەشم
تۆ دۆستی ژینگەو ژیانی
له هەموو شوێنێ زۆر جوانی
دەتپارێزم وەک چاوی خۆم
زۆر دڵخۆشم ئەمڕۆ لای تۆم

٢٠٢١/٥/٢٧



# ژینگە

نیشتیمانەکەم جوانە
پڕە لە کانی و ڕووبار
وڵات سەرتاپا سەوزە
لە دەشتەوە تا بنار
بەهاران لە ژێر باران
دڵخۆشم بە ڕەزو باخ
تێر نابم لە دیمەنی
دارو دەوەنی ناو شاخ
ئێستا نەمام دەڕوێنم
دەیکەم بە دیاری ژینگە
تەماشاکە حەوشەکەم
پڕ گوڵی ڕەنگاوڕەنگە
خۆزگە ئێوەش وەکو من
ئەی هاوڕێیانی مناڵ
گوڵ و نەمامتان دەڕواند
وەرز بە وەرزو ساڵ بە ساڵ

٢٠٢١/٤/١١

# ساڵی نوێ

بۆ پێشوازی ساڵی تازە
گۆرانی دەڵێم بۆ ژیان
پیرۆزبێ لە من و ئێوەش
یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێمان
وا دەڕۆم بەرەو سەیرانگا
بە دواما وەرن هاوڕێیان
بابەنۆئێل دیاری پێیە
بۆ منالانی کوردستان
ئێستا لەگەڵ بابەنۆئێل
وا کەوتومە سەماو یاری
بەڕاستی ئەمشەو دڵخۆشم
من دەستم پڕە لە دیاری
حەزدەکەم هەموو منالێ
وەک من ئاواتی بێتەدی
ساڵی تازە بەرێ بکات
بە ئاهەنگ و خۆشی و شادی
لە گشت منالێ پیرۆزبێ
ساڵی خۆشی و کامەرانی
هەمیشە ئاسودە بژین
بە ئاشتی و خۆشی و یەکسانی

٢٠٢٢/١/١



# شێرەبەفرینە

شێرەبەفرینەی کۆڵانم
ئەمشەو لە لاتان میوانم
دەی وەرن بۆ لام مناڵان
ئاهەنگ بگێڕن بۆ خۆتان
ئۆخەی بەیەک شاد بوینەوە
بە سەماو پێکەنینەوە
یەک یەک وێنەم لەگەڵ بگرن
ئادەی گۆرانیم بۆ بچڕن
وا چواردەورم پڕە لەمناڵ
منم جوانترین تابلۆی ساڵ
جارێکی تر وەرزی زستان
پەیمان بێ دێمەوە لاتان

٢٠٢١/١/٢٢



# کچ و کوڕ

کچ هەتاوە چرایە
کوڕ هەڤاڵە برایە
کچ شیرینە  نازدارە
کوڕ گزنگە بەهارە
کچ  جوانە نازەنینە
کوڕنەوەنەمامی ژینە
کچ ئەستێرەی ئاسمانە
کوڕ ژیرو میهرەبانە
کچ  خوشکە وەک هاوڕێیە
بزەی شارولادێیە
کچ  دڵسۆزەهێمنە
کوڕ دەریایە بێ بنە
کچ ئایندەو ئاواتە
کوڕسرودی وڵاتە

٢٠٢١/٨/٥



# کوردستان

بەیانت باش کوردستان
پایتەختی ئاشتی و ژیان
ئاسودەم بەنیگارت
بەکانی و بەڕووبارت
لەناوجیهانا دیاری
ئەڵێی باخچەی بەهاری
لەشارەوە تالادێ
ڕوناکیت لێدەبارێ
بست بەبستی نیشتمان
پیرۆزەلام وەک باران
بوکی جوانی ڕۆژهەڵات
هەرشەکاوەبێ ئاڵات

٢٠٢١/١٠/٢١

# گەشتێک بۆسەر مانگ

بوم بەیەکەمین منالّ لە جیهان
پێم نایە سەرمانگ بەکەشتی ئاسمان
تەماشا ئێستا والەناو دەشتم
ورد ورد دەڕوانم بۆدەوروپشتم
بڕوانە ئێرەش وەک زەوی وایە
پڕلەهەورازو لوتکەی چیایە
ئەها خۆلێرەش ئاسمان هەرشینە
پڕلەپرشنگ و خۆری زێڕینە
هەرچەند گەورەیە بەلّام بێ ئاوە
هیچ بونەوەرێک نیەلەم ناوە
نەدەریای تیایە نەکانی و ڕوبار
نەدارو دەوەن نە گولّ و گوڵزار

٢٠٢١/٤/٥



# منالّم

منالّێکم هاتوم بژیم
به سه‌ربه‌ستی له‌ولاّتی خۆم
له ژێر ئالاّی نیشتمانا
به‌ره‌و لوتکه‌ی ژیان بڕۆم
منیش وه‌ک ڕۆڵه‌یه‌کی کورد
حه‌زده‌که‌م بژیم به شادی
له‌گه‌لّ منالاّنی جیهان
خۆزگه‌و ئاواتمان بێته دی
به وشه‌ی کوردی ده‌نوسم
ئێمه‌ی منالّ مژده‌به‌خشین
بۆ سه‌رکه‌وتنی نیشتمان
هه‌موو ساتێ تێده‌کۆشین
ئای چه‌ند خۆشه به ئارامی
بدوێم به زمانی شیرین
ئه‌وسا بلّێم به‌یانت باش
ئه‌ی ولاّتی جوان و ڕه‌نگین
ئای چه‌ند جوانن له‌سه‌ر زارمان
وشه‌و پیتی هیواو ژیان
له‌گه‌لّ خه‌نده‌و پێکه‌نینی
هه‌موو منالاّنی جیهان

٢٠٢١/٢/١٦



# میوان

گوێم لە دەنگی دەرگایە
وا دیسان میوانمان هات
دڵنیام پشە سورە
داوای شیرم لێدەکات
هەموو ڕۆژێ بەمیاومیاو
پێم دەڵێ کوانێ بەشم
کاتێ کە تێری نۆشی
خل خل دێتە باوەشم
کێ وەکو من میوانی
ئاوا نازداری هەیە
بەختەوەرم هاوڕێکەم
جوانترین پشیلەیە
ئای کە سەرنج ڕاکێشە
کاتی دەست بازی و یاری
بە جوانی ڕایدەهێنم
ئاسودەم بە ڕەفتاری
بەخێرهاتی پشەگیان
ماڵم پڕ بوو لە شادی
ئەوکاتەی تۆ دڵخۆشی
من ئاواتم دێتەدی

٢٠٢٢/١/١٥



# نــەنــە

بۆ شەوچەرە و پێش خەوتن
نەنەگیان دێ بۆلای من
وەکو دوو هاورێی ئازیز
پێکەوەین شەوی پایز
کەئەو چیرۆک دەبێژێ
شادی لەهەستم دەرژێ
واهەست دەکەم بەخەیاڵ
منیش وائەفڕم بەباڵ
چەند خۆشە ساندرێلا
چیرۆکی کوڕە پاشا
نەنە بە دەنگی نەرمی
کەوتە باسی مام ڕێوی
پاشان دەنوم تا بەیان
لە باوەشی نەنەگیان

٢٠٢٢/١/٢٩



# بەلەمی کاغەزی

وادەست دەکەم بەگەڕان
بەبەلەمی کاغەزیی
شارو ماڵ بەجێدێڵم
لەگەڵ هەمووگۆی زەوی
دەڕۆم بۆناودەریاکان
دەبم بەهاوڕێی دۆلفین
پێکەوە لەگەڵ ماسی
بەئاسودەیی دەژین
من و شەپۆل پێکەوە
دەڕۆین بەرەو شوێنی دور
والەگەڵ ئەسپی ئاوی
گەشت دەکەین بەبێ سنور
هەرچەند بەلەمەکەی من
کاغەزێکی ساکارە
بەڵام شێوەی ڕەنگینە
بەسەرئاوەوە دیارە

